

## محەمەد مستەفا حەمەبۆر
## (لەبارەی چاپخانەکەی پیرەمێرد دەدوێ):

**پیرەمێرد شیعر و نووسینی هەموو کەسێکی دەستکاری دەکرد.. (شاکر فەتاح)یش زۆر ڕقی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو.**

**ئا: ئازاد عەبدولواحید**

* محەمەد مستەفا حەمەبۆر، کە نازناوی (هۆشەنگ)ـە، یەکێکە لە نووسەرە دیار و ناسراوەکانی کورد، لە یەکەم ڕۆژەوە کە دەستی داوەتە نووسین، تاکوو ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کردووە، دەستبەرداری نووسین نەبووە. یەکەم جار پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٣٣ شیعرێکی کە لە بارەی (بەهار)ـەوە نووسیوە، لە ڕۆژنامەی (ژین) بۆ بڵاوکردووەتەوە. ئەو بەهرەی نووسینی خۆی بەسەر هۆنراوە، چیرۆک، وتار، لێکۆڵینەوە، ساغکردنەوە، نیگارکێشان، ئەرشیڤ... تاد دابەش کردووە، هەر بە هۆی ئەو پەرشوبڵاوییەوە لەسەر کایەیەک نەگیرساوەتەوە تا پێی بناسرێتەوە. بێجگە لەوەی کتێبخانەیەکی گەورە و ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی هەبوو، بەڵام لە ساڵەکانی دوایی ژیانیدا، لەبەر سەختیی ژیان و نەداری، ناچار بوو هەمووی هەرانفرۆش بکا، تا پێی بژی و خانوویەکی بچکۆلەی لە دووری شار پێ بکڕێ و لە کرێچێتی ڕزگاری بێ. ئەوەی لەو پیاوەدا جێی سەرنج بوو، زەین ڕوونی و یادگە زیندووەکەی بوو، کە یادەوەری و بەسەرهات و ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە، وات دەزانی باسی دوێنێت بۆ دەکات. وەک خوێندەوارێکی باشی ڕۆژگاری خۆی، هاوڕێ و دۆستی نزیکی شاعیر و نووسەر و کەسە ناودارەکان بوو، هەموویانی بە باشی و لە نزیکەوە دەناسی، سەرەتا بەهۆی شیعرەوە، پیرەمێرد، ئەخۆڵ، عەلی عارف ئاغا، گۆران، هەردی، شەکیبی، زێوەر، قانیع و بێخود و تاد...

ناسـیوە.

* تا ئەو ڕۆژەی محەمەد مستەفا (حەمەبۆر) لە ٢٠١٣/١٢/٢٢، لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، سەرەتا لە ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی، پاشان لە هەولێر چەندان جار سەردانم کردووە، ئەویش چەند جارێک لە ئۆفیسی گۆڤاری ڕامان سەردانی کردووم، لە هەموو سەردان و یەکتربینینەکاندا گفتوگۆم لەگەڵی بەردەوام بوو، لە سەردانەکانمدا بۆ لای، بەردەوام زانیاری نوێم لێی وەردەگرت، بۆیە کە پێشتر چەند جارێکی دی گفتوگۆم لەگەڵدا کردبوو، لە کاتی خۆی لەگۆڤاری (ڕامان)دا، چەند بەشێکمان لێ بڵاوکردەوە، دواتر لە بەرگی دووەمی (دیالۆگ)دا، بەشێوەی کتێب چاپ کراون.(١) ئەم گفتوگۆیەی ئەم جارە بڵاوی دەکەینەوە، لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/١٠ لەگەڵیم ساز کردووە، تایبەتە بە لایەنی ڕۆژنامەوانی و چاپخانەکەی پیرەمێرد، چونکە ئەویش یەکێک بووە لەوانەی لە زووەوە (لە ساڵی ١٩٣٣)وە هاتوچۆی پیرەمێرد و چاپخانەکەی کردووە و کۆمەڵێک بیرەوەری لەگەڵ خۆی و ئەو چاپخانەیەدا هەیە. ئەو چاپخانەیە لە شاری سلێمانی بەرانبەر ئاشی ئەلەتریک بوو، (ئێستاش خانووەکە ماوە)، کە ئەمڕۆ شوێنی ئاشەکە بووەتە قوتابخانەی (مەحوی)ی کوڕان و کچان. سەرەتا لێم پرسی:

* نازانم چەند ئاگاداری ئەوە هەیت کە حوسێن حوزنی موکریانی(٢) هاتوچۆی پیرەمێردی کردووە؟ بیستووتە، یان زانیوتە پێوەندیی نێوانیان تێک چووبێ و لە یەکتر عاجز بووبن؟

- من چاک دەزانم حوسێن حوزنی موکریانی هاتوچۆی پیرەمێردی دەکرد، پێشم وا نییە لە یەکتر عاجز بووبن، چونکە پێشتر پێکەوە بوون، بەڵام کە ڕۆژنامەی ژیان داخرا، (٣)



محەمەد مستەفا حەمەبۆر- ئازاد عەبدولواحید

لەبەر ئەوەی حوسێن حوزنی موکریانی دەستی لە هونەری (هەڵکۆڵین) و (تەخریم)دا هەبوو، بۆیە یەکەم کلێشەی ڕۆژنامەی (ژین)، ئەو بۆی نووسی و بۆی هێنایە سلێمانی، پیرەمێردیش تەنیا لە یەک ژمارەدا ئەوەی حوزنی وەک کلێشەی ڕۆژنامەی (ژین) دانا و بەکاری هێنا، کە ژمارە (١)ی ژین بوو، دواتر پیرەمێرد ناردی لە بەغدا کلێشەی نوێیان بۆ دروست کرد و ئەوەی حوزنی لابرد.

* چی لە بارەی دروستکردنی کلێشەکەی (حوزنی)یەوە دەزانی، حەز دەکەم زیاتر لە بارەیەوە قسە بکەی، ئەو کلێشەیەی لە چ دارێک بۆ دروست کردبوو؟

- حوزنی لە داری کەوت، یان لە دار بەڕوو کلێشەی دروست دەکرد، چونکە دوو داری سەخت و پتەون، کەم ئاو دەکێشن، بۆ نموونە ئەگەر لە داری توو بێ، ئەوە ئاو دەکێشێ و حەرفەکان تێک دەچن.

* وەک بزانیت حوزنی خۆی دەستپێشخەریی دروستکردنی ئەو کلێشەیەی کرد، یان پیرەمێرد داوای لێکردووە بۆی دروست بکات؟

- دروستکردنی ئەو کلێشەیە، بۆ خۆی نیشانەی دۆستایەتی و بەردەوامبوونی هاوڕێیەتییەکانە،

لەبەر ئەوە دروستکردنی ئەو کلێشەیە دەری دەخات کە نێوانیان تێک نەچووە، هەردووکیان دڵ و دەروونیان زۆر گەورە و فراوان بوو، ئیتر ناشێ ئەوان ڕقەبەرایەتی یەکتریان کردبێ، چونکە یەک ئامانجیان هەبوو، کە ئەویش کوردایەتی و خزمەتکردن بوو. (٤)

* بەپێی ئەو هاموشۆکردنە زۆرەی خۆت بۆ چاپخانەکە، لەبیرتە کێ و کێ لەوێ بوون؟ یان پیتچنەکان کێ و کێ بوون؟

– لە پیتچنەکان (مەجید ناکام) (٥)م لەبیرە، کە ناوی تەواوی مەجید عەزیزە و نازناوی (ناکام)ە، ئەو حەرفی کۆدەکردەوە، هەروەها (ئەحمەد شوکری) (٦)یش لەوێ پیتچن، پیت ڕێکخەر بوو.

* بەڵام وەک بەدواداچوونم بۆ کردووە، ئەحمەد شوکری سەرەتا لەگەڵ پیرەمێرد نەبووە، ماوەیەک چووەتە بەغدا و لە چاپخانەیەکدا کاری کردووە؟

– ئا، ئەمە ڕاستە، پێش چاپخانەکەی پیرەمێرد، سەرەتا چوو بۆ بەغدا، لە چاپخانەیەک لەلای مەلا عەبوودی کەرخی (٧) کەوتووەتە کارکردن، دوایی چووەتە چاپخانەی (النجاح) (٨) کە خاوەنی ئەو چاپخانەیە ناوی (عەبدولعەزیز ئەلدەباس) بوو.

* بۆ یەکەم جار لە بەغدا، ساڵی ١٩٣٥، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەو چاپخانەیەدا، لەلایەن (کوردی و مەریوانی)یەوە (٩) چاپ کراوە؟

– وایە، ئینجا شاکر فەتاح (١٠) زۆر ڕقی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو.

* بۆچی ڕقی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو، خۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیرێکی گەورەی کوردە؟

– خۆی پیاوێکی موحافیزکار بوو، زۆرجار نووسیویەتی، هەروەها بە دەمیش وتوویەتی کە نابێ شیعری شێخ ڕەزا بچێتە ناو بەرنامەی خوێندنەوە، یان بچێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی کوردییەوە.

* من کە لە نزیکەوە (شاکر فەتاح)م دەناسی، زۆرجار لە خۆیم بیستووە کە حەزی بە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی نییە، بەڵام قسەی توند و ڕەقم لە بارەی شێخ ڕەزاوە، لە دەمی ئەوەوە نەبیستووە.

– لە ساڵانی حەفتاکان، جارێکیان من لە دهۆک موحازەرەیەکم لەسەر خانی لەپ زێڕین هەبوو، دواتر موحازەرەکەم لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بە دوو ئەڵقە، لە دوو ژمارەدا بڵاوکرایەوە (١١)، کە نیازم بوو بۆ ئەو موحازەرەیە بچمە دهۆک، من فۆلکس ڤارگۆنێکی بۆقیم هەبوو، دۆستایەتیم لەگەڵ شاکر فەتاح هەبوو، ئەو ئۆتۆمبێلی نەبوو، بەڕێکەوت لەگەڵ خۆم سوار کرد. کە بەرەو دهۆک دەچووین، یەکەم جار لە مەسیف سەلاحەددین لامان دا، کە لە دانیشتندا پێکەوە بووین، ناوی ئەحمەد شوکری هات، لەگەڵ ئەو هەموو ڕقەشی کە بەرانبەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەیبوو، بەڵام کە ناوی ئەحمەد شوکری هات، پێکەنی و وتی شێخ ڕەزا لە شیعرەکانیدا چەند کەسی گاوە، ئەحمەد شوکری دە ئەوەندە شێخ ڕەزای گاوەتەوە. وتم بۆ؟ خۆ ئەحمەد شوکری شیعری لە دژی شێخ ڕەزا نییە؟ وتی نا، مەبەستم چاپی کتێبەکەی شێخ ڕەزایە، ئەوەندە هەڵەی تیایە، هەر بە جارێ تێکی داوە.

* ئەو هەڵانەی لە شیعری شێخ ڕەزادا ڕوویان داوە، بە خەتای ئەحمەد شوکری دەزانی؟

– ئا، چونکە کە لە بەغدا، لە چاپخانەی (النجاح) کاری کردووە، ئەو پیتچنی دیوانەکەی شێخ ڕەزا بووە، حەرفی شیعرەکانی بە هەڵە کۆکردووەتەوە و کەسیش هەڵەچنی بۆ دیوانەکە

نەکردووە.

* پیرەمێردیش لە باسی ئەو هەموو هەڵانەی لە دیوانی شێخ ڕەزادا ڕوویان داوە، لە ڕۆژنامەی (ژین)دا (١٢) ئاماژە بەو چاپە خراپە دەکات، کە دیوانەکەی بە ئەدەبخانە ناو دەبات، ئەمەش دوو مەعنا دەدات، خانەی ئەدەب، یان شوێنی پیسی تێکردن.. باشە ئێستا باسی فێربوونی خۆتمان بۆ بکە، لەوێ کێ فێری کردی ئیش لەسەر چاپخانەکە بکەیت؟

- قوتابییەکانی ئەو سەردەمە، زۆرجار دەچووینە ئەوێ، مەجید ناکام فێری دەکردین، ئێمەش بە خۆبەخش لەوێ کارمان دەکرد.

* تۆ چی لە بارەی ئەو (مەجید ناکام)ـەوە دەزانیت؟

- مەجید عەزیز ناکام تا شەشی سەرەتایی خوێندبوو، زۆر هەژار و دەستکورت بوو، ئەو پارەیەی پیرەمێرد دەیدایێ بەشی نەدەکرد، بۆیە یەکەم جار چوو لە دائیرەی (ئیعاشە و تەموین) دامەزرا، لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، ئەو دائیرەیە نەما، ئەویش بۆ (ئەوقاف) گوێزرایەوە. دوایی خۆی بۆ خەزێنەی مەرکەزیی بەغدا گواستنەوە، لەوێ لە خەزێنەی مەرکەزی کردیان بە ژمێریاری گشتی- محاسب عام، چونکە لە ژمێریاریدا ئەوەندە شارەزا بوو، بووبووە پسپۆڕترین کەس لە ئاستی هەموو ئێراقدا، جاری وا هەبوو هەڵەیەک لە حیساباتدا دەدۆزرایەوە، دە فلس لە واریدات و سەرفیاتدا لە یاد دەکرا، کە چەند هاتووە و چەند سەرف کراوە، چونکە دەبێ بەرانبەر یەک (مطابق) بن، ئەوانە کە دەهاتن پشتیان بەو دەبەست و پرسیان پێ دەکرد، کە پێیان دەوت و داوایان لێ دەکرد، دەستبەجێ دەیوت بەوەندە پارەیە بۆتانی دەکەم، چونکە خانەنشین بووبوو، تا ساڵانی نەوەدەکانیش هەر جێی ئیعتیمادیان بوو، کە هاتەوە سلێمانی من ئاگام لێ بوو، لە بەغداش ڕەفیقم بوو، ئەوکاتە هەرچی داوای بکردایە دەیاندایە، چونکە گرفتی دارایی گەورەی بۆ چارەسەر دەکردن. جارێک پێم وت چیت بۆ دەکردن؟ وتی داوای دوو سجلم دەکرد و بۆم کۆدەکردنەوە، جێبەجێ دەبوو، پاشان دەموت خۆتان کۆی بکەنەوە و هەڵەکەیان دەدۆزییەوە، بۆیە لە خەزێنەی مەرکەزیی بەغدا، هەر هەڵەیەک هەبوایە، ئەو بۆی چاک دەکردن.

* باشە تۆ ئەوەم پێ بڵێ، وەک قوتابییەک کە دەچوویتە چاپخانەکەوە، چییان لێوە فێر بوویت؟

**حوسێن حوزنی موکریانی هاتوچۆی پیرەمێردی دەکرد، پێم وا نییە لە یەکتر عاجز بوون.**

- ئەوکاتەی کە تەلەبە بووین، دەچووین بۆ فێربوونی پیت ڕێکخستن، ڕۆژی پێش چاپکردنی ڕۆژنامەکەش، دەسکی چاپخانەکەمان بۆ پیرەمێرد بادەدا.

* ئەی چی لە بارەی (ئەحمەد شوکری)یەوە دەزانیت و چیت لە بارەوە بیستووە؟

- ئەحمەد شوکری بە ڕیشی باپیریدا ڕیا.

* مەبەستت لەو قسەیە چییە، تکایە بۆ خوێنەران ڕوونی بکەرەوە؟

- بە بۆنەی تازە لە دایک بوونی (ئەحمەد شوکری)یەوە، باپیری (بابی باوکی) هاتووە بۆ ماڵیان، دایکی ئەحمەد شوکری کردوویەتییە باوەشی خەزوورییەوە، لەوکاتەدا بە جبە و سنگ و کلکی مێزەر و چەفیە و ڕیشیدا ڕیاوە، کە خۆی زانایەکی گەورە بووە، بووکەکەی (دایکی ئەحمەد شوکری) پێی وتووە بابە گەورە بچۆ ئەو ژوورە و خۆت بکەرەوە، ئێستا

ئاوت بۆ دەهێنم خۆتی پێ بشۆ، دوایی تۆ جلی باوکی ئەحمەد لەبەر بکە، منیش جلەکانت بۆ دەشۆم، ئینجا لە کاتی خۆشووشتن- حەمام کردن، باپیری ئەحمەد شوکری تاکە شیعرێکی بە فارسی بە خەیاڵدا دێ، لەوێیا هەم باسی ئەو گوو پیاکردنە دەکات، هەم ساڵی لەدایکبوونەکەی ئەحمەد شوکری تیایە، کە تاکەکە ئەمەیە:

**سال آتی به ریش باب بشاش**

**بهر تاریخ (کری خر باش) (١٣)**

ئەوەی لە ناو کەوانەکە دانراوە، حەرفەکانیان بەژمارە کۆ بکرێنەوە، بە حیسابی ئەبجەد هەمووی دەکاتە ساڵی هیجریی لە دایکبوونی ئەحمەد شوکری، کە بەم جۆرەیە: ک= ٢٠، ر= ٢٠٠، ی= ١٠، خ= ٦٠٠، ر= ٢٠٠، ب= ٢، ئەلف= ١، ش= ٣٠٠، کە ئەو ژمارانە کۆ دەکرێنەوە، دەبێ بکاتە ١٣٢٩ی هیجری (١٤).

* چاپخانەکە چۆن ئیشی دەکرد و بەگەڕ دەخرا؟

- ئەو حەلە کە حەرفەکان لەسەر چاپخانەکە دانرابوون، لە کاتی ئیش کردندا، هەموو حەرفەکان دەچوونە پێشەوە و دەهاتنە دواوە. لەسەر ئەو حەرفانەشەوە، ئیستیوانەیەک، ڕۆڵەیەک هەبوو کە لە پلاستیک دروست کرابوو، ئەوە دەسووڕایەوە و کاغەزەکەی لە دەورەی خۆی دەپێچا، لەگەڵ هاتوچۆی حەرفەکان ڕۆڵەکە نەرم دەبوو، ئیتر حەرفەکە لەسەر کاغەزەکە چاپ دەبوو.

* من کە زۆر ئەو چاپخانەیەم دیوە، دەتوانم بڵێم ڕۆژانە دیومە، چونکە هێنامانە مووزەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری سلێمانی، ئەو کاتە خۆم لەوێ فەرمانبەر بووم، دوو ڕۆڵەم لەگەڵ چاپخانەکە دیوە، یەکێکیان گەورە، یەکیان بچووک بوو، دەوری ڕۆڵەی دووەم، واتە بچووکەکەیان چی بوو؟



**چاپخانەکەی پیرەمێرد**

- ڕاستە، بە تەنیشت ئەو ڕۆڵە گەورەیەوە، یان بڵێین بە درێژایی ئەو ڕۆڵە گەورەیەوە، ڕۆڵەیەکی تری بچووک هەبوو، ئەویان مەرەکەبی چاپی تێدا بوو، دەوری ڕۆڵە بچکۆلەکە لەناو مەرەکەبەکەدا بوو، حەرفەکان بەر ئەو ڕۆڵە بچکۆلە مەرەکەباوییە دەکەوتن، ئینجا بە سووڕانەوە، حەرفەکان بەر کاغەزەکە دەکەوتن.

* وەک لە وێنەیەکدا دیارە، کە زۆر بڵاوبووەتەوە، هەروەها خۆشم کە زۆر چاپخانەکەم دیوە، چەرخێکی گەورەی هەبوو، باسێکی ئەو چەرخەمان بۆ بکە؟

- ڕاستە، چەرخێکی گەورەی هەبوو، کە تیرەکەی (قطر)ـەکەی (١)م زیاتر بوو، دەسکێکی پێوە بوو، بۆ خوارەوە و سەرەوە بادەدرا، بە کرۆکی ئەو چەرخە گەورەیەشەوە، بە شەفتەکە، کە دانە دانەی چەرخ بوو، بەسترابووەوە.

* پیرەمێرد چاپخانەکەی لە کوێ دانابوو؟

- یەکەم جار ژوورێکی بە قوڕ و خشتی کاڵ، (٢X٢م) بۆ دروست کرد، بە بەرزایی (٢)م چاپخانەکەی لەو ژوورەدا دامەزراند، ئەو ژوورە دوو دەرگای هەبوو، یەکێکیان لەسەر دەرەوە (کۆڵان) و ئەوی تریان لەسەر حەوشە و لەناو ماڵی خۆی بوو.

* هەرچەندە من خانووەکە و ژوورەکانیم دیوە

و بۆ ئەرشیڤەکەم وێنەی هەموویانم گرتوو، بەڵام بۆ زانیاری خوێنەران دەپرسم: بۆچی ئەو ژوورە دوو دەرگای هەبووە، مەبەستی لەوە چی بوو؟

– ماڵی پیرەمێرد دوو دەستە بوو، دەستەیەکیان ڕووەو قیبلە، لەسەرەوە بوو، دەستەی خوارەوەش ژووری چاپخانە و پیتچنین بوو.

* خۆت سەردانی ژووری حەرفەکانت کردووە، دەتبینی کرێکارەکان چۆن کار دەکەن؟

– ئەی چۆن؟ لەو چاپخانە کۆنانەدا قومپاز هەبوو، کە حەرفەکانی تێ دەکرا، دیومە حەرفەکانیان لەناوی دادەنا (١٥)، کرێکارەکە لە سێ لاوە، لەسەرەوە و لە دوو لاتەنیشتەوە دەیگرت، بۆ ئەوەی حەرفەکان بەڕەڵڵا نەبن و پەرتوبڵاو نەبنەوە، بە هەشت- نۆ- دە دێڕ، پیتەکان کۆدەکرانەوە و ڕێک دەخران، دواتر بە شریتێک دەبەستران و دەخرانە سەر چاپخانەکە، پاشان (١٠) دێڕ (١٠) دێڕ دەیانهێنا تا ستوونی یەکەمی ڕۆژنامەکە تەواو دەبوو، ئەوان لەسەر ئەم کارە بەردەوام دەبوون.

**ئەگەر بابەتێک ٣ - ٤ دێڕی بمایە، پیرەمێرد بە شیعر، یان بە نووسینی خۆی پڕی دەکردەوە**

* وەک زانیومە و بیستوومە، هەندێ جار کە ستوونێکی ڕۆژنامەکە تەواو نەبووە، پیرەمێرد هاتووە بە نووسینی خۆی پڕی کردووەتەوە، ئەمەیان چۆن بووە؟

– ئەگەر بابەتێک سێ – چوار دێڕی بمایە، پیرەمێرد شیعر، یان نووسین بووایە، ئەوە لە خۆیەوە دەیخستە سەری، شیعر بووایە، شیعری دادەنا، نووسین بووایە، نووسینی دادەنا، بەمە خۆی بۆشاییەکەی بۆیان پڕ دەکردەوە.

* وەک بزانیت نووسین و شیعری هەموو کەسێکی دەستکاری دەکرد، یان بۆی زیاد و کەم دەکردن؟

– پیرەمێرد گوێی پێ نەدەدا، نووسین و شیعری هەموو کەسێکی دەستکاری دەکرد، بەڵام دەستکاریکردنەکەی ئەو، ئەوە بوو بەرەو جوانتری دەبرد.

* کە دەستکاری شیعر و نووسینەکانیانی دەکرد، نووسەر و شاعیرەکانیان، ئەوەیان پێ ناخۆش نەبوو، لە دڵیان گران نەبوو؟

– هەندێ جار پێیان ناخۆش دەبوو. من جارێکیان لە ڕۆژنامەی (ژین)دا ئیعتیرازم لێی گرت، زۆر کەس دەڵێن (١٦) ئەو نووسینەی تۆ سەرەتای ڕەخنەی مەوزووعییە.

* ئەو نووسینەت کامەیە؟

– پیرەمێرد چووبوو شیعرێکی بەناوی (زەرگەتەیی) لە ڕۆژنامەکەی دانابوو و بڵاوی کردبووەوە، من لە نووسینەکەی خۆمدا نووسیبووم دەزانم زەرگەتە لە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی، دێیەکە بەرەو پیرەمەگروون، لەگەڵ عوسمان دانش بۆ ئەو دێیە ڕۆیشتووین، من مۆتۆر سکیلم هەبوو، سەیرمان کرد لە دێیەکە ماڵێکی گەورەی دوو قاتیی لێیە، وتیان ئەمە ماڵی خاوەنی دێیەکەیە. چووینە ئەوێ، کابرا ناوی خوولە بەگی جەڕاح بوو، دەمانناسی و ئەویش ئێمەی دەناسی، یەکێک بوو لە پیاوە گەورەکانی ئەوسای سلێمانی، کە زانی بۆ ئەو زەرگەتەیە چووین، پێشوازی لێ کردین.

* خۆی دێیەکەی ئاوەدان کردبووەوە؟

– عەرزت کەم، وتی ئەو دێیە پێشتر قەت ئاوەدان نەکراوەتەوە، وا من چەند ساڵێکە دروستم کردووە.

* بۆچی بەو گوندە دەڵێن زەرگەتە؟

– زەرگەتە زەردەواڵەیەکی زەردە، لە زەردەواڵە بچووکترە، ئازاری ژەهرەکەی زۆرە.

* دەی باشە، جا لەو گوندەدا بەناوی زەرگەتەیی،

شاعیری تێدا هەڵکەوتبوو؟

– نەک شاعیری تیا هەڵنەکەوتبوو، بگرە خوێندەواریشی تیا نەبوو، گوندی زەرگەتە کارێز و ئاوێکی زۆری هەیە، کە دەتوانێ عەرزێکی زۆر ئاو بدات، خوولە بەگی جەڕاح وتی ئەو کارێزە لە دووری (٢– ٣) کیلۆمەتر بە درێژایی ئاوەکە، زەرگەتە بە قەراغی ئاوەکەوە بوو.

* کەوابوو ناوی زەرگەتە لەوەوە هاتووە؟

– ئا، خوولە بەگی جەڕاح وتی زەویوزاری ئەو گوندە، هەمووی هیی من و باب و باپیری منە، بەڵام لەبەر ئەو زەرگەتەیە کە زۆر درە، نەمانتوانیوە هیچی لێ بکەین، وتی بە زستانان دەچووم شانەی ئەو زەرگەتەیەم لادەبرد و ئەوەی بۆم بدۆزرایەتەوە، دەمهێنا و دەمسووتاند، چونکە وەک مێشەهەنگ شانەی هەیە، پاش هەڵکەندنی کارێزەکە، بە (٥– ٦) ساڵ، ئینجا توانیم لە زەرگەتە پاکی بکەمەوە، دوای ئەوە سەرلەنوێ کارێزم بۆ دروست کردەوە.

* حەز دەکەم بۆ زانیاری خوێنەران باسێکی جیاوازیی نێوان کارێز و کانی بکەیت.

– کانی ئەوەیە کە یەکسەر لە دەمی خۆیەوە هەڵدەقوولێ و جۆگە دەبەستێ، بەڵام لە ئاواییەوە دوورە، کارێزیش بۆ ئەوەی لە ئاواییەوە نزیکی بکەنەوە، لەم لا و ئەو لای ئاو و جۆگەکەوە دیواری بۆ دروست دەکەن (هەڵدەبەستن)، سەرەکەی بە تاشەبەرد، تا نزیک شوێنێکی گونجاو لە ئاوایی دادەتاشن.

* با بێینەوە سەر ئیعتیراز گرتنەکەی تۆ، لەسەر چی ئیعتیراز (ڕەخنە)ت لە پیرەمێرد گرتبوو؟

– ئیعتیرازم لەوە لێی گرت، کە شاعیرەکە کێیە، هەورامییە؟ لە وتارەکەمدا باسی ئەوەم کردبوو کە ناوی شاعیرەکە باش و گونجاو نییە، لە شوێنی خۆی نییە، هەروەها باسی ئەوەم کردبوو کە خۆم چوومەتە ئەوێ.

* دوای ئەوەی ئیعتیرازت لە پیرەمێرد گرت و لەپاش بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ژین) چی ڕووی دا، کاردانەوەی نووسینەکەت لەلایان چی بوو؟

– خوولە بەگی جەڕاح چووبووە لای پیرەمێرد، بەڵام پیرەمێرد جارێکی تر هەڵبەستێکی نوێی بڵاوکردەوە، لەو هەڵبەستەدا نووسیبووی (دیسانەوە زەرگەتەیی)، لە کۆتایی شیعرەکەشدا دوو– سێ دێڕی بۆ ئێمە نووسیبوو.

* چی بۆتان نووسیبوو؟

– نووسیبووی با ئەم جارەش ئەم دوو ڕیش گاوە، واتە من و عوسمان دانش، بچنەوە زەرگەتە و شاعیرەکە بدۆزنەوە.

* مەبەستی لەو دوو ڕیش گاوە چی بوو؟

– مەبەستی بلح و کەودەنە.

* لە دەستکاریکردنی نووسین و شیعری شاعیراندا چیت لە بیرماوە و چی دەزانی؟

– قانیع شیعرێکی نووسیبوو، بۆ چاپکردنەکەی لە ڕۆژنامەی (ژین)، پێکەوە چووینە لای پیرەمێرد، لە ژمارەی حەفتەی دواتردا بڵاوکرابووەوە، شیعرەکە لە دژی ئەڵمان بوو، ئامۆژگاری بوو بۆ کوڕەکەی خۆی، بۆیەش لە دژی ئەڵمان بوو، چونکە ئەو شەڕە گەورەیەی دروست کردبوو.

* پیرەمێرد چۆن و بە چ بارێکدا دەستکاری کردبوو، (قانیع)ی وا تووڕە کردووە؟

– کە ژمارە نوێیەکەی ڕۆژنامەی (ژین) دەرچوو، (٣– ٤) دێڕی تیا بوو کە ستایشی ئینگلیز دەکات، دوو دانەم لە ڕۆژنامەکە کڕی، دانەیەکیان بۆ خۆم و دانەیەکیان بۆ قانیع، چووم بۆ ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی

حەفید (١٧)، کە ئەو ماڵە لە پێشدا کۆشکی شاهانەی شێخ مەحموود بوو (١٨)، دەمزانی قانیع لەوێیە، چونکە لەوێ دەنووست.

* ئەو خانووە، ئەو کۆشکە شاهانەیە لە کوێی سلێمانی بوو؟

– ئێستا ئەو خانووە بازاڕە و لە بەرانبەر دارە سووتاوەکەیە.

* کە ڕۆژنامەی (ژین)ت دایە دەست قانیع و شیعرەکەی خۆی خوێندەوە، هەڵوێستی چی بوو؟

– قانیع کە ڕۆژنامەکەی لێ وەرگرتم و شیعرەکەی خوێندەوە و ئەوەی دی، زۆر تووڕە بوو.

* کە تووڕە بوو، بەم هەڵچوون و تووڕەبوونەوە چی پێ وت؟

– وتی من شیعرم وتووە سیاسی نییە، باسی نە زەم و نە مەدح دەکەم، باسی ئاشتی دەکەم، باسی ئینسان دۆستی و ئینسان کوژی کراوە، من چیم داوە لە سیاسەت.

* دوای ئەو تووڕەبوونە چی کرد، هەڵوێستی چی بوو؟

– وتی با بڕۆین بۆ لای خاڵە، واتە پیرەمێرد، کە چووین لە حەوشەکە دانیشتبوو.

* پیرەمێرد یەکسەر زانی کە قانیع تووڕە بووە؟

– بەدەموچاوییەوە دیار بوو کە زۆر تووڕەیە، بۆیە پێی وت هیچ تووڕە مەبە، وتی قانیع وەرە ژوورەوە با تەفاهوم بکەین، دەزانم بە تووڕەیی هاتووی. هەردووکمانی بردە ژوورەکەی خۆی، کە ناوی نابوو قەلەندەرخانە، دەستی برد لە تاقێکی پشت کورسییەکەی خۆی، کە پەردەی پیا درابوو، دوو هێشووە ترێی هێنایەدەر، یەکی دایە ئەو و یەکی دایە من. وتی ئێستا کە وەختی ترێ نییە، ئەمە شتێکی تاسووقە، وتی قانیع جارێ ئەمە بخۆ، با دڵت فێنک ببێتەوە و تووڕەییەکەت لاچێ.

* بۆچی پیرەمێرد پێی وتن ئەو ترێیە شتێکی تاسووقە، دیارە وەرزی ترێ نەبووە؟

– پیرەمێرد هەر میوەیەک لە سلێمانی نەبوایە، لە خاریجەوە بۆی دەهات، بۆیانی دەنووسی و بۆی دەهات.

* بۆ کێی دەنووسی تا بۆی بنێرن؟

– دۆستی زۆری هەبوو، ئیتیساڵی لەگەڵیان هەبوو، پارەی دەنارد هەنجیر و ترێ و شووتی و کاڵەک و شتی تری بۆ دەهات.

* دەی ئەوە قانیع ترێیەکەی خوارد، دواتر چی ڕووی دا، دڵی فێنک بووەوە، تووڕەییەکەی ڕەوییەوە؟

– دوایی پیرەمێرد پێی وت، بۆ ئەو سێ- چوار دێڕە هاتووی کە لەپشت شیعرەکەتەوە نووسیومە، وتی چونکی مورەتیبەکان (پیت ڕێکخەرەکان) لاپەڕەکەیان نیشاندام، شوێنی ئەو سێ – چوار دێڕە بە بۆشی دەمایەوە، منیش بە بیری ئەوسام، ئەو سێ- چوار دێڕەم لەژێر شیعرەکەت نووسی.

* سەیرە، لەسەر ئەو چەند دێڕەی پیرەمێرد بۆ شیعرەکەی (قانیع)ی زیاد کردووە، کاتی خۆی خوێندوومەتەوە، حەمەی مەلا کەریم، (قانیع)ی بە ئینگلیزچێتی تۆمەتبار کردبوو، (کاکەمەم بۆتانی)یش وەڵامی داوەتەوە، تۆ ئاگات لەم دوو نووسینە هەیە؟

– نەخێر، بەڵام قانیع وەڵامی پیرەمێردی نەدایەوە، ئەم قسەیەی حەمەی مەلاکەریم وا نییە، نهێنییەکەی ئەوەیە کە من بۆم باس کردی.

* وتت خانووەکەی پیرەمێرد، کە چاپخانەکەی لێ دانابوو، لەلای ئاشی ئەلەتریک بوو (هەر

لە بەردەمیماڵەکەی پیرەمێرد ئاشی ئەلەتریک بوو)، دوو دەستەبووە، دەستەیەکی چاپخانەکە و ژووری پیت ڕێکخستن و کرێکارەکان، دەستەکەی تری ماڵی خۆی بووە، پیرەمێرد تەنیا ژوورەکەی خۆی لێی دادەنیشت، ناوی نابوو قەلەندەرخانە، یان هەموو خانووەکەی ناونابوو قەلەندەرخانە؟

- ئەو تەنیا ژوورەکەی خۆی کە لێی دادەنیشت، ناوی نابوو قەلەندەرخانە، ئەو ژوورەی خۆی کە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان دەچوونە لای و لێی دادەنیشتن.

* بۆچی ناوی نابوو قەلەندەرخانە؟

- گوایە شاعیر هەر خۆی کەسێکی بێباک و هەژار و دەست کورت و ڕووت و قەلەندەرە، چونکە لەلای ئێمە ئەو قەدرەی نییە و قیمەتی پێ نادرێ.

* ئەی ئەو حەوزەی ناو حەوشەکەی چۆنە، کە دەڵێن هەر میوانێک چووبێ بۆ لای، بەدەستی بەتاڵ نەچووە، ئەو وەرزە چی میوە هەبووە، لەگەڵ خۆی بردوویەتی و لەناو، یان لەلای ئەو حەوزەوە دایناوە و میوانەکان لێیان خواردووە؟

- حەوزێکی بچکۆلانەی لەسەر تەختی حەوشەکە دروست کردبوو، بست و نیوێک (٣٠ سم) بەرز بوو، ئاوەکەی بۆ زێراب دەڕۆیی، کە ئاوەکە دەڕژایە ناو حەوزەکەوە، لەوێوە پڕ دەبوو و بۆ زێرابەکە دەڕۆیی.

* ئەی چەندە ئاگاداری ئەو دانیشتنە هونەرییانە هەیت، کە لەو قەلەندەرخانەیەدا ساز کراون، کە گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی ئەو سەردەمەی تێدا ئامادە و بەشدار دەبوون؟

- زۆرجار پیرەمێرد ئاهی بۆ بیستنی دەنگی مەلا ئەحمەدی دیلان (باوکی حەمەساڵح دیلان و قادر دیلان)، ڕەشۆڵ، ئەخۆل، شێخ نووریی شێخ ساڵح، دواتر حەمەساڵح دیلان، هەڵکێشاوە، پۆست و ئیدارەش دوو کوڕەکەی (حەمەی لەیلێ)ی چاپچی بوون، کە ئەم دووانە، دوو گەنجی قۆز بوون و دەنگیان خۆش بوو.

**پەراوێزەکان:**

(١) محەمەد مستەفا حەمەبۆر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣٠، ٢٠٠٨/٣/٥، لاپەڕە (٣١- ٥٥)، هەڤپەیڤینی ئازاد عبەدولواحید تەماشا بکرێ، هەروەها کتێبی دیالۆگ، کە چاوپێکەوتن و دیمانەیە لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەران و ڕووناکبیران، ئازاد عەبدولواحید، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، لە چاپکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی، زنجیرە ١٠٠، ل ٢٩٢ - ٣٣٠ تەماشا بکرێ، ئەوجا تەماشای گۆڤار ڕامان، ژمارە ١٧٧، ٢٠١٢/٢/٥، لاپەڕە ٣٤- ٤٢، حوسێن حوزنی موکریانی لە یادەوەری حەمەبۆردا، دواندنی: ئازاد عەبدولواحید سەیر بکرێ، دیالۆگ، ئازاد عەبدولواحید، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، زنجیرەی ١٠٠، ل ٣٣١- ٣٤٥.

(٢) حوسێن حوزنی موکریانی: ناوی تەواوی (حوسێن عەبدوللەتیف)ـە، بە حوسێن حوزنی موکریانی، هەروەها بە (داماو)یش ناوی دێ. لە ساڵی ١٨٨٣ لە گوندی بوغدەکەندی سەر بە شاری سەقز لە دایک بووە، منداڵیی لە ئینچکە و بوغدەکەندی بەسەر بردووە، هەژار دەڵێ حوزنی لە گوندی ئینچکەی سەر بە تورجان لە بەشی ناوەندی شاری سەقز لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لەو نووسەرانەی زۆر دڵسۆزانە و کوردانە کاری بۆ مێژووی کورد کردووە، نزیکەی (١٥) ساڵ زیاتر زانیاری لە بارەی مێژووی کورد بە

زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و هیندی و فەرەنسی و ڕووسی کۆکردووەتەوە، چونکە خۆی لەو زمانانەدا شارەزایی هەبووە، لە هەندێ لەو زمانانەشەوە نووسینی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. حوزنی خوێندنی لە حوجرەی مزگەوتەکان دەست پێکردووە، هەر بەوەش نەوەستاوە، بگرە لە ڕێگەی ئەو کتێبانەی لەو سەردەمەدا بە زمانەکانی دیکە هەبوون، دەستی بە ڕۆشنبیرکردنی خۆی کردووە. حوزنی لە تەمەنی (٢١) ساڵییەوە ئاوارە بووە و چەندان وڵاتی دەرەوەی بینیوە و تێیاندا ماوەتەوە لەوانە: ڕووسیا، ئەفغانستان، سووریا، لبنان، میسر، حیجاز، فەرەنسا.

لە منداڵی کە باوکی لە دەست داوە، دایکی چووەتە مەهاباد و لەوێ شووی کردووەتەوە، لەو پیاوە کوڕێکی بووە کە ناوی گیوی موکریانی بووە، کە لە دایکەوە برای حوزنی موکریانی بوو. حوزنی هەموو کوردستانی ئێران و عوسمانیی ئەوسا گەڕاوە، بە (مۆرهەڵکەنی)ی ژیانی بەڕێوە بردووە. ساڵی ١٩١٥ چاپخانەیەکی بچکۆلەی لە ئەڵمانیا کڕیوە و لە حەڵەب بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات و مێژووی کوردی تەرخانی کردووە. شێخ عومەر وەجدی مامۆستای ڕەواقی ئەکراد لە ئەزهەر، بۆ حوزنی نووسیوە و دەڵێ: لە محەمەد عەلی عەونی-م بیستووە گوتوویە: لە حەڵەب چاپخانەی حوزنی-م دیتووە کە ئەدەب و مێژووی کوردی پێ چاپ دەکرد، هەروەها وتوویە خەیاڵم بوو بچمە سوێرەک تا سەر لە خزمان بدەم، بەڵام حوزنی زۆر کاری تێکردم و وازم لە سەفەرەکەم هێنا و گەڕامەوە میسر، بڕیارم دا منیش چاو لەو پیاوە بکەم و خۆم بۆ خزمەتی مێژووی کورد تەرخان بکەم. حوزنی ساڵی ١٩٢٥ هاتووەتە ڕەواندز و چاپخانەی زاری کرمانجی دامەزراندووە، ساڵی ١٩٤٣ لە ڕەواندز دوورخراوەتەوە و تا کۆچی دوایی کردووە لە بەغدا ژیاوە. حوزنی لە ئەستەمبوڵ و حەڵەب بە نهێنی چەندان گۆڤاری دەرکردووە لەوانە: (کوردستان) و (ئارارات) و (بۆتان) و (چیا کرمانج) و (دیاربەکر) و (سۆران)، کە هاتووەتەوە باشوور، ساڵی ١٩٢٦ لە ڕواندز گۆڤاری (زاری کرمانجی)ی دەکردووە، ساڵی ١٩٣٥یش گۆڤاری (ڕووناکی) لە هەولێر دەرکردووە. ساڵی ١٩٤٣ لە بەغدا سەروکاری گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ی کردووە. ساڵی ١٩٢٦ چیرۆکی (خۆشی و ترشی) و (مەڕۆکە و بزنۆکە)ی چاپ کردووە. لە ماوەی (٣٠) ساڵدا کە بۆ نووسینی تەرخان کردووە، نزیکەی (١٧) کتێبی چاپ کردووە، (١١) لەوانە لەبارەی مێژووی کوردن- حوزنی بێجگە لە نووسین، حەزی لە خۆشنووسی کردووە، هەروەها شارەزایی لە هونەری هەڵکۆڵینی سەر بە بەرد و تەختە و وێنەگرتن و مۆرهەڵکەندنیشدا هەبووە، لە بارەی هونەری هەڵکۆڵین کتێبی هەیە. لە شاری بەغدا، لە ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٧، لە شاری بەغدا مردووە و تەرمەکەیان هێناوەتەوە هەولێر و ئێستا گۆڕەکەی لە شاری هەولێرە.

(٣) بەشێکی کارکردن و ژیانی ڕۆژنامەنووسیی پیرەمێرد دەکەوێتە ڕۆژنامەی ژیان، کە ڕۆژی داخستنی ڕۆژنامەکە، لە ١٠ی مارتی ١٩٣٨ بووە، لە ژمارە (٣٢١) تا ژمارە (٥٥٣)، لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا کاری کردووە، لە ژمارە ٥٣٩ تا ژمارە ٥٥٣ بە چاپخانەکەی خۆی، ئەو ڕۆژنامەیەی چاپ کردووە.

(٤) ئەو زانیارییانەی سەرەوە جەختکردنن لەو زانیارییانەی خۆی، کە لە سەرەتای هەڤپەیڤینەکەی ژمارە ١٧٧ی گۆڤاری ڕامان، لە ٢٠١٣/٢/٥دا بڵاوکراوەتەوە.

(٥) مەجید ناکام: ناوی مەجید عەزیزە، ناسناوی (ناکام)ـە، تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، لە چاپخانەکەی پیرەمێرد لەگەڵ ئەحمەد شوکری پیتیان کۆکردووتەوە، قوتابیانی سلێمانی کە لە هاوینان دەچوونە ئەوێ بە خۆبەخش کار بکەن، ئەو فێری پیتچنینی دەکردن، لە هەمان کاتدا ڕۆژی پێش چاپکردنی ڕۆژنامەکە، دەسکی چاپخانەکەیان بۆ باداون. لەبەر هەژاری و دەستکورتی، لەبەر ئەوەش کە پیرەمێرد پارەی کەمی داوەتێ، چاپخانەی بەجێهێشتووە و لە دائیرەی ئیعاشە و تەموین دامەزراوە، کە ئەوێ نامێنێ، چووەتە ئەوقاف، دوایی خۆی بۆ بەغدا، (دائیرەی خەزێنەی گشتی) گوێزاوەتەوە. لە بواری ژمێریاریدا زۆر شارەزایی هەبووە، تا نەوەدەکانیش لە بەغدا زۆر پشتیان پێ بەستووە، د. مارف خەزنەدار ناو بەناو بۆی باس دەکردم و بە شانازییەوە ناوی دەبرد، دیار بوو زۆر لێی نزیک بوو، زۆریشی خۆش دەویست.

(٦) ئەحمەد شوکری: لە ساڵی (١٣٢٩هـ)، (١٩١٠- ١٩١١)، لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە حەزی بە ئەدەبیات کردووە و کەوتووەتە هۆنراوە نووسین. هەموو هۆنراوەکانی خۆی لەبەر بوو، هەر کە لەگەڵی دادەنیشتی بە شیعر دایدەگرتیتەوە. بە بۆنەی ژنهێنانی (ئەحمەد شوکری)یەوە، پیرەمێرد ئەو چەند دێڕەی بەناوی (سەیران و شایی) بۆ نووسیوە:

**پیرۆز بێ لێمان، پەنا بە یەزدان**
**زانستی، سەیران، ژیان، ژنهێنان**
**دەهۆڵ و زوڕنای سەیران لێ درا**
**بۆ (ئەحمەد شوکری) ئیعلانێ کرا**
**خوا زوو ڕێکی خست، ژنێکی هێنا**
**بوو بە (ئەحمەد خان) تەواو داسوکنا**

**ئیعلانی (ژیان) بەخت ئەکاتەوە**
**شایی ئەخاتە ناو وڵاتەوە**

(دیوانی پیرەمێرد، ل٣٥٤، کۆکردنەوە و بەراوردکردن و ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسین: فایەق هوشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحموود محەمەد ئەحمەد، محەمەد نووری تۆفیق.)

ئەم دێڕانە لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٤٧٧)ی ساڵی ١٩٣٦دا بڵاوکراونەتەوە. پیرەمێرد ئەم هۆنراوەیەی بەبۆنەی ژنهێنانی ئەحمەد شوکری- د. شۆ گوتووە، کە ئەو سەردەمە لە ڕۆژنامەی (ژیان)، لە چاپخانەکەیدا (پیت ڕێکخەر- مرتب حروف) بووە. مەبەستیشی لە (ئیعلانی ژیان)، ئەم ئیعلانەی خوارەوەیە کە لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی (٤٧٥)ی ڕۆژی ١٩٣٦/٤/١٨ بۆ ژنهێنانی ئەحمەد شوکری بڵاوی کردووەتەوە کە نووسراوە: (ئەحمەد شوکری ئەفەندی، ڕەفیقی مەتبەعەمان، کوڕێکە نەوجەوان و خوێندەوار، خەریکین ژنی بۆ بێنین، دایک و خوشک و کەسوکاری نییە تا شەڕی بووک و خەسووی لێ پەیدا بێ، عارەق ناخواتەوە، قومار ناکا، جگەرە ناکێشێ، خۆش سوحبەتە «هەڕاج» کێ شووی پێ ئەکا؟ یان کێ کچی هەیە بیداتێ؟ بۆمان بنووسێ).

لە نووسینی هۆنراوەکانیدا بێ گرفت و زوو سەروا بە دەستییەوە دەهات و هۆنراوەی میللی دەنووسی، بەهۆی قسە خۆش و هۆنراوەکانییەوە زوو دەچووە دڵەوە. لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی شیعر لە سلێمانی، هۆنراوە میللییەکانی خۆی دەخوێندەوە، هەروەها لە کۆڕ و کۆبوونەوە و فیستیڤاڵ و کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەراندا، داوای لێ دەکرا هۆنراوە بخوێنێتەوە. لەو کاتەدا کە لە بەغدا لە چاپخانەی (النجاح) خەریکی پیتچنین بووە، بە دیداری حاجی تۆفیق-ی پیرەمێرد دەگات و دەیناسێ، ئەویش دواتر دەیهێنێتەوە سلێمانی و

لەلای خۆی لە هەردوو ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین) کاری پێ دەکا. بەهۆی ئەوەی برینپێچ- مضمد بووە، لە تەندروستی سلێمانی وەک برینپێچ دادەمەزرێ. لە یەکێک لە کۆڕە گەورەکاندا دوکتۆریان خستە پاڵ ناوەکەی و کردیانە د. ئەحمەد شوکری، دوایی لە کۆڕێکی دیکەدا د. ئەحمەد شوکری، کورت کرایەوە و بووە د. شۆ، کە لە (بردناشۆ)وە هاتووە. شیعر و چیرۆکی زۆری نووسیوە، دەڵێن نزیکەی (١٥,٠٠٠) هەزار بەیت هۆنراوە و (٥٠٠) کورتەچیرۆکی هەیە. لە بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن: ١- پشیلە و مشک، ٢- ئامۆژگاری، ٣- پێبکەنە، ٤- مژدە، ٥- هەمەجۆر، ٦- پێنجێنەی شۆڕش، ٧- دڵداری (٢ بەرگ)، ٨- تێکەڵاوە و تاد. دەستوخەتێکی زۆری خۆشی هەبوو، هەمیشە قەڵەمی خەتی لەبەر باخەڵدا بوو و پێی دەنووسی. هاوڕێی هەموو شاعیر و نووسەر و ئەدیبەکانی کورد بوو، کۆڕ و مەجلیسی زۆر خۆش بوو. لە ١٩٨٩/٥/٢٤ لە تەمەنی (٧٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان، لە نزیک ئارامگەی شێخ مارفی نۆدێ بە خاک سپێردراوە.

(٧) مولا عەبوود ئەلکەرخی: ناوی (عەبوود حاجی حسێن سوهێل)ـە، ناسناوی بە کەرخی ڕۆیشتووە، شاری بەغدا خۆی (کەرخ) و (ڕەسافە) ی هەیە، ئەو خەڵکی بەری کەرخە، کە لە ساڵی ١٨٦١ لەو ناوچەیەدا لە دایک بووە. باوکی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بازرگانی کڕین و فرۆشتنی حوشتر و پێستە بووە. کەرخیی زۆر زمانی زانیوە و قسەی پێ کردووە، لەوانە زمانەکانی: ئەڵمانی، تورکی، فارسی و کوردی بووە، ئەو زمانانەشی بەهۆی گەشت و سەفەرە زۆرەکانی بۆ ئەو وڵاتانەوە زانیوە، هەروەها بەهۆی تێکەڵاوی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتانە فێریان بووە، هەر بەهۆی زانینی ئەو زمانانەوە بوو، عوسمانییەکان هەر زوو بۆ کاری وەرگێڕان دەستنیشانیان کرد.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بریتانییەکاندا، وەک بەرهەڵستکارێک دەرکەوت و کەوتە هۆنراوە نووسین، ئەو هۆنراوانەی لە مزگەوتی حەیدەرخانە دەخوێندەوە، کە بووبوونە شوێنی کۆبوونەوەی بەرهەڵستکارانی عێراق بەرانبەر بە ئینگلیزەکان و هێرشی توندی دەکردە سەر داگیرکەرە نوێیەکان، کە لە پاش عوسمانییەکانەوە هاتن، بۆیە حاکمی سیاسیی بەریتانیا کە ناوی مستەر ئۆستن ئیستوود بوو، دەستی بەسەر هەموو موڵک و ماڵ و زەوییوزارەکانیدا گرت، داواشی لێ کرد واز لە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی بهێنێ کە بووبوونە هۆکاری جۆشدانی جەماوەر لە دژی ئەوان، هەروەها داواشی لێ کرد بە دەستوخەتی خۆی بەڵێننامەیەک بنووسێ کە چیتر هۆنراوە لە دژیان نەنووسێ، بەڵام داواکاری ئەو حاکمە ئینگلیزە زۆر تووڕەی دەکەن، بۆیە بەڕوویدا هەڵدەشاخێ و پێی دەڵێ: مۆری شوورەییتان بە ناوچەوانمانەوە ناوە، هەر دەبێ بە خوێنی خۆمان ئەو شوورەییە لابەین، من هەر دەبێ بە هۆنراوەکانم ئەو شوورەییە بشۆم، بەلامەوە گرنگ نییە، بە خوێنی خۆم هۆنراوەکانم بنووسم. لەپاش ئەوەی لە سەرەتای فەرمانڕەوایی پاشایەتی بە تەواوی ناوبانگی کەرخی بڵاوبووەوە، ساڵی ١٩٢٧ ڕۆژنامەی (ئەلکەرخ)ی دەرکرد و لە سەروتارەکەیدا نووسی: ناوی خوامان لێ هێنا، جنێو بە هەر کەللەڕەق و ناپاکێک بە وڵاتەکەمان دەدەین). بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە ڕووبەڕووی زۆر گرفت و کێشە بووەوە و برایە بەردەمی دادگە و چەند جارێک لە بەندیخانەیان توندکرد و ڕۆژنامەکەیان داخست، بۆیە کەوتە دەرکردنی چەند ڕۆژنامەیەکی دی وەک (صدى الكرخ) و (المزمار) و (الكرخي والملأ). لە سەرەمەرگیدا ڕووی کردە منداڵ و نەوەکانی و پێی گوتن: من زۆر بەختەوەرم، چونکە وەک خزمەتکارێکی وڵاتەکەم سوودم بە

نەتەوەکەم گەیاند و بە درێژایی ژیانم لە دژی ئینگلیزەکان وەستامەوە، زۆر بەختەوەرتر دەبم ئەگەر ئێوەش بتوانن خزمەتی نەتەوەکەتان بکەن و لە من زیاتر سوودی پێ بگەیەنن. کەرخی ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کرد، بە مردنەکەی، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی دەری دەکردن دادرانەوە، بەڵام ناوی ئەو بە نەمری مایەوە، بە تایبەتی کە ڕووبەڕووی ستەم و داگیرکەران بووەتەوە، بۆیە کە باسی شیعری میللی دەکرێ، هەمیشە ناوی دێ.

(٨) چاپخانەی (النجاح) لە بەغدا بووە، ئەو چاپخانەیە دامەزرێنەرەکەی (عەبدولعەزیز ئەلدەباس) بووە، لە ساڵی ١٩٢٧دا دایمەزراندووە، تا ساڵی ١٩٦٢ کاری کردووە. ئەو چاپخانەیە لە شاری بەغدا زۆر بەناوبانگ بووە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا زۆربەی هەرە زۆری چاپەمەنییەکانی عێراقی لێ چاپ دەکران، لەوانە تەواوی ژمارەکانی دوو ساڵی بەرایی گۆڤاری گەلاوێژ، لەم چاپخانەیەدا چاپ کراون، دواتر چاپی گۆڤارەکە براوەتە چاپخانەی (مەعاریف).

(٩) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کوردی و مەریوانی، ١٩٣٥، بەغدا، چاپخانەی ئەلنەجاح.

(١٠) شاکر فەتاح ئەحمەد: یەکێکە لە نووسەر و وەرگێڕە دیار و ناسراوەکانی کورد، لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. هۆنراوە، چیرۆک، چیرۆکی منداڵان، وتار، لێکۆڵینەوە، گەشتنامە، ژیاننامە، وەرگێڕانی هەیە. کاتێ وەک بەڕێوبەری ناحیە، قائیمقام، سەرۆکی شارەوانی و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان کاری کردووە، بەڕێوەبەر و کارگێڕێکی سەرکەوتوو بووە، لە هەر کوێ کاری کردبێ، جێدەستی دیار بووە و لەلای خەڵکی ئەو ناوچەیە بەڕێز و خۆشەویستییەوە ناوی دەهێنن. شاکر فەتاح لەناو بنەماڵەیەکی خوێندەوار چاوی هەڵێناوە، سەرەتا لە حوجرە وەک فەقێیەک دەستی بە خوێندن کردووە. منداڵییەکەی لە شاربازێڕ و سلێمانی بەسەر بردووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە. پێش ئەوەی لە کۆلێژی ماف لە بەغدا بخوێنێ، ماوەیەک لە لبنان و فەلەستین ماوەتەوە. دوای (٣) مانگ لە تەواوکردنی زانکۆ دامەزراوە. خاوەنی پرۆژەی (١٠٠) کتێبی کوردییە، کە تا لە ژیاندا مابوو، (٦٤) دانە کتێب و نامیلکەی لێ چاپ کردن، بە داخەوە نەیتوانی پرۆژەکەی بگەیەنێتە (١٠٠) کتێبی کوردی چاپکراو. هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی خستبووە گەڕ، بۆ ئەو ئامانجە بەرهەمێکی زۆری نووسی و خزمەتێکی زۆری نەتەوەکەی کرد، بێجگە لە لایەنی کارگێڕی، خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامەی سەر دیواریش بووە، شانۆگەری پێشکەش کردووە، خەڵکی بۆ خوێندن هانداوە، یارمەتی و کۆمەکی هەژاران و لێقەوماوانی داوە. دەزگای ئاراس سەرلەنوێ سەرجەمی بەرهەمەکانی بە (٨) بەرگ، لە ساڵی ٢٠٠٤، بۆی چاپ کردەوە. شەوی ١٨-١٩٨٨/٣/١٩ گیرا، لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٨٨ لەلایەن ڕژیمی بەعسەوە لە سێدارە درا.

(١١) وتاری (خانی لەپ زێڕین و قەڵای دم دم)، حەمەبۆر، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٣- ١٠٤، ١٩٨٤، بەغدا، بەشی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ل ١٦٨- ٢٢٧، هەروەها تەماشای وتاری (خانی لەپ زێڕین و قەڵای دم دم)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٥، بەشی دووەم، حەمەبۆر، ساڵی ١٩٨٥، بەغدا، لاپەڕە ٢٠٦- ٢٤٢، لە پێشەکی هەردوو بەشەکەدا ئەمە نووسراوە: (ئەم باسە بە نرخەی مامۆستا محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، کە بەشێکی بچووک و کورتەی لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی ئەم

داستانە نەمرەیە. لە کۆڕێکی فراوان و لەیانەی نۆهەدرای شاری دهۆک و سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٤دا خوێنرایەوە. مەحموود زامدار، مامۆستا و کورتەی ناوەڕۆکی باسەکەی پێشکەش کرد (ڕۆشنبیری نوێ).

(١٢) ئەو وتارەی پیرەمێرد کە لەبارەی دیوانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یەوە نووسیویەتی و لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بڵاوی کردووەتەوە، لە دەرفەتێکدا دووبارە دەیخەینەوە بەرچاوی خوێنەران.

(١٣) سال آتی بریش باب بشاش/ بهر تاریخ کری خر باش، واتە: {ساڵی داهاتوو میز بەڕیشی بابدا بکە، بۆ مێژوو ببە بە جاشوولکە (کوڕی کەر)}، ئەم دێڕە شیعرە فارسییە، کەریم سۆفی بۆی کردم بە کوردی، هەر ئەو (٣) وشەیەی ناو کەوانەکە بەحیسابی ئەبجەد و بەئیملای عەرەبیی کۆن، دەبێ بکاتە ١٣٢٩ی هیجری، ئەو ساڵە هیجرییەش دەکەوێتە نێوان دوو ساڵی زایینی ١٩١٠- ١٩١١، لەبەر ئەوە ڕۆژ و مانگی لەدایکبوونی ئەحمەد شوکری نازانرێ و ناتوانرێ بەتەواوی ئەو ڕۆژ و مانگە دەستنیشان بکرێ.

(١٤) هەرچەندە باپیری ئەحمەد شوکری پێی وایە بە چەند وشەیەک مێژووی لە دایک بوونی بە (١٣٢٩هـ) جێگیر کردووە، کە ژمارەکانمان کۆکردەوە، کری= ٢٠ + ٢٠٠ + ١٠= ٢٣٠، خر= ٦٠٠ + ٢٠٠= ٨٠٠، باش= ٢ + ١ + ٣٠٠= ٣٠٣، کۆی ژمارەکان دەکاتە ١٣٣٣، کەواتە ژمارەکان نابنە ١٣٢٩ی کۆچی. بەپێی ئەوەی لە کتێبی (التقویمان، الهجري والمیلادي)، دانانی: فریمان جرتفیل و وەرگێڕانی: د. حسام محی‌الدین الآلوسي، چەند ساڵێک تەمەنی لە ١٩١١ زیاتر دەبێ، بەڵام لە سەرچاوەیەکی دیکەدا، بۆ نموونە لە کتێبی: شەوچەرەی شار، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، سلێمانی، ٢٠٠٠، لە ١٨٨، نووسراوە ساڵی ١٩٠٩- ١٩٨٩/٥/٢٤، هەروەسا لە شوێنێکی دی نووسراوە (١٣٣٠)ی کۆچی، لە بەهاری ١٩١١ی زایینی لە ناوچەی هەڵەبجە لە دایک بووە، لەبەر ئەوەی باوکی لەو دەڤەرە ژیاوە، بۆیە ئەمیش لەو ناوچەیە لە دایک بووە. لە کتێبی: أعلام الکرد، الجزء الأول، جمال بابان، دار آراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانیة، أربیل، ٢٠١٢، ص٥٦ - ٥٧ نووسراوە ١٩١٠ - ١٩٨٩ لە دایک بووە.

(١٥) لە بارەی دروستکردنی تیپە تایبەتییەکانی زمانی کوردی بۆ چاپخانە، د. مارف خەزنەدار دەڵێ: (لە سەرەتای پەیدابوونی چاپخانە لە ناوچەی ئێمەدا، تا دوایی جەنگی دووەمی گێتی، چاپ کردن بە ڕێگەی تیپچنی بوو، بە زۆر ئەم تیپانە لە ئەڵمانیا دادەڕێژران، لە پاشاندا لە فابریقەی تیپ دارشتن لە وڵاتی میسریش پەیدا بوو، لەدوای جەنگ لاینۆتایپ کەوتە لای ئێمەشەوە، واتە ئەو جۆرە چاپە بریتی بوو لە قاڵبی تیپەکان وەک تایپرایتەر، قاڵبەکان بە تیپی دێڕی نووسینەکە کۆدەکرانەوە، ئینجا بە (مس) دێڕەکە لە ئەنجامی لە قاڵبدان دروست دەکرا)، تەماشای گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٩، ساڵی ١٩٩٨، وتاری بەدیع باباجان هونەروەری باڵا، مارف خەزنەدار بکرێ.

(١٥) یەکێک لەوانە عەبدولڕەزاق بیمار وای پێ وتووە. بڕوانە دیالۆگ، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

(١٦) عوسمان دانش: ناوی تەواوی عوسمان شەریف سەعیدە، لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. پیاوێکی دیار و ناوداری ناو تێکۆشان و خەباتی نیشتمانی کوردستان بووە. لەو سەردەمەدا لە هەموو چالاکییە نەتەوەیی و سیاسییەکانی باشووری کوردستان بەشدار بووە. هەر لە ساڵانی

چلەکانی سەدەی ڕابوردووەوە پێوەندی بە لقی سلێمانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک)ـەوە کردووە، ئەڵقەی پێوەندیی کۆمەڵە بووە لەنێوان سلێمانی و باشووری کوردستان، کە لقی سەرەکی (ژ. ک) لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ چووەتە شاری مەهاباد، لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لەهۆش خۆی چووە و کەوتووە، شایەدحاڵەکان دەڵێن ویستوویەتی لەسەر بیناکەوە کە ئاڵای کوردستانی لەسەر هەڵکراوە، خۆی فڕێ بداتە خوارێ، چونکە لەو بڕوایەدا بووە و وتوویەتی: دەترسم ئەو بارودۆخە ئاوا نەمێنێت، منیش نامەوێ ئاڵای کوردستان بە داگیراوی ببینم، ئەم پیاوە کوردپەروەرە لە شاری مەهاباد بەشداری جموجووڵ و چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کردووە، لە قوتابخانەی گەلاوێژ وەک مامۆستا وانەی بە منداڵانی کورد گوتووەتەوە. دوای نەمانی کۆماری کوردستان گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی. لە ڕۆژنامەکانی (ژیان) و (ژین) هەندێ هۆنراوەی بڵاوکردووەتەوە. ساڵی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

(١٧) شێخ لەتیف شێخ مەحموود: کوڕی سەرکردەی بەناوبانگی کورد (شێخ مەحموود شێخ سەعید شێخ محەمەد حاجی کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێ)یە. لە ساڵی ١٩١٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. لە تەمەنی کەمتر لە (٣) ساڵ، باوکی (شێخ مەحموودی حەفید) گیراوە، بۆیە ڕوویان کردووەتە ڕۆژهەڵات و هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان لەلای سمایل ئاغای شکاک دەمێننەوە. دوو کۆمەڵە هۆنراوەی بە ناوەکانی (گوڵی وەریو- ١٩٧٣)، (گیاکەڵەی کۆمەڵایەتی- ١٩٧٨) چاپ کراون. یاداشتەکانی لەبارەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید- ١٩٩٥ و بیرەوەرییەکانی خۆی لە ١٩٩٥ چاپ کراون. ساڵی ١٩٥٦ لەسەردەمی عومەر عەلی موتەسەڕیفی ئەوسای سلێمانی گیراوە، لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ بەندیخانەی حیللە و بەسرا گوێزراوەتەوە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووز ئازاد کراوە. ساڵی ١٩٤٣ بە ئاگاداری مەلیک مەحموودی باوکی، کارئاسانی بۆ دەربازبوونی بارزانی کردووە، کە ئەو کاتە لە سلێمانی دەستەبەر بووە، لە سلێمانییەوە بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە بۆ بارزان گەڕاوەتەوە. لە ساڵی ١٩٤٦ کە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، کراوەتە جێگری سەرۆکی پارتی. لە ١٩٧٢/٥/١٢ لە نەخۆشخانەی (الراهبات) لە بەغدا، لە تەمەنی (٥٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە مزگەوتی گەورە نێژراوە.

(١٨) لەم ساڵانەی دواییدا، کۆشکە شاهانەییەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە (داری کەلی) نۆژەن کراوەتەوە، خۆزگە ئەو کۆشکەش وەک خۆی نۆژەن دەکرایەوە.

سەرنج:

*** دوو چاوپێکەوتنی دیکەم لەگەڵ محەمەد مستەفا حەمەبۆر سازکردووە، کە جارێ بڵاونەکراونەتەوە، ئەوانەش لە دەرفەتێکدا بڵاودەکەینەوە، پاشان هەموویان بەسەریەکەوە دەکەینە کتێب و چاپی دەکەین.**

**** لەگەڵ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود، زۆرمان هەوڵ دا ئەو ساڵی لەدایکبوونەی (ئەحمەد شوکری)مان بۆ ڕاستەڕێ نەبوو.**